کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 2:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانگەواز بۆ هاوکاری لە گۆڕانکاری و تازەگەری لە نێو میدیای کوردیدا. ... مــــەهدی فــــەتاحی**

لە دڵسۆزیکی نەتەوەو نیشتمانەوە، کۆمەڵێک داواو پێشنیار بۆ دانانی پرۆژەیەکی گرنگ لە پێناوی بەرژەوەندی ستراتژیکی نەتەوەیی.

- بۆ هەموو تێکۆشەران و کارلێهاتووانی زانستیانەی گەشەپێدانی ڕەوتی پێشکەوتووانەی سەردەم لە پێناوی پەرژەوەندی ستراتێژی نەتەوەو ولات.
- بۆ هەموو ئەوانەی کە ئازارەکانی دەیانساڵەی گەلی کوردیان لە کۆڵ گرتووەو بۆ سارێژکردنیان لە هیچ هەوڵ و خەباتێک کۆڵیان نەداوەو ناوەستن.
- بۆ هەموو ئەوانەی بۆ ساتێکیش لە پێناوی خەونی نەتەوەو نیشتمانی دابەش کراودا ڕەنجو سەختییان دیوە و سەریان خەم نەکردووە بۆ دوژمنان.
- بۆ هەموو ئەو کەس و لایەن و حیزب و ڕێکخراو و دەسەلاتانەی کە هەموو کات بەرژەوەندی نەتەوەیی و سەروەری خاک و ولاتیان لا گرنگتر بووە لە هەر ئامانجێکیترو لەو پێناوەدا خەبات و تێکۆشانیان کردووە و هەولیان داوە.

بەڕێزان!

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی، و کوردستان بە تایبەتی، لەم کاتە ناسکەدا لە قۆناخی گواستنەوەدایە، بەرەو کۆمەڵگایەکی خاوەن پێناسە و پێکهێنانی مافەکانی مرۆڤ.

دیمۆکراسی و مافی کەڵک وەرگرتن لە زانست و زانیاری بووەتە بایەخ و نیازێکی کولتوری- ئینسانی، وە شارۆمەندی کورد بەرەو بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەلایەتی و یەکسانی هەنگاو هەلدەگرن.

بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد، بە خەباتێکی گشتگیرو هەمەلایەنەی چین و توێژەکانی کۆمەلگا ئەپارێزرێ. هەولدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجەو بنیاتنانی کۆمەلگای مەدەنی، بەس لە ڕێگای پێشکەش کردن و بەڕێوە بردنی پرۆژە زانستیەکانەوە دەستەبەر دەبێت.

-لێرەوە و لە ڕێگای ئەم چەند دێرەوە پرۆژەیەکتان پێشکەش دەکەم، کە هیوادارم بە پیر داواو بانگەوازەکەمانەوە بێن و لەو بارەوە دەستمان بگرن بۆ جێبەجێ کردنی.

بۆیە بە پێویستم زانی کە کۆمەلێک داواو پێشنیاری کورت و بە نێوەڕۆک لە چەند خالدا بخەمە پێش چاو بەڕێزتان بۆ ئەوەی بتوانین بە پشتیوانی هەموو لایەنێک، کارەکانمان سەرکەوتووتربێت و هاوکاری وەرگرین. ؛

1- دروستکردنی پردێکی پێوەندی، بە مەبەستی لێکگەیشتن و کرانەوەی ڕێگای دیالۆگ، بە شێوەیەکی شەفاف و کراوە.

2-گەشە پێدانی ئەزموون و چالاکییەکانی ئێستای دەسەلاتی کوردی، بە تایبەت لە بواری کلتوری، مەدەنی، زانستی، وە سڕینەوەی هەموو دیاردە ناپەسەندو کۆنە زیان بەخشەکان.

3- پێکهێنانی یەکسانی کۆمەلایەتی، * هەولدان بۆ نزیک کردنەوەی ڕەگەزی نێرو مێ، * کالکردنەوەی دیاردەی باوک سالاری بە پێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەلگای کوردەواری، * بلاو کردنەوەی وشیاری و ڕۆشنبیری گشتی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا و دەستنیشانکردنی خالە گرنگەکانی بەربەست لەم ڕێگایەدا.

4- پێکهێنانی متمانەیەکی گشتی لە نێوان میدیای کوردیدا و کەلک وەرگرتن لە ئەزموونی یەکتر بۆ کارکردن لە سەر بەرژەوەندی هاوبەش.

5- بەشداری کردنی کەسانی شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بۆ هاوکاری لە بواری ئامادەو پێشکەش کردنی بەرنامەی تۆکمەو زانستی لە پێناوی گەشەی کۆمەلایەتی. '

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەبەست لێرە تەنیا بەرژەوەندی ستراتژی نەتەوەیی و خاک و وڵاتی کوردانە کە لەم هەل و مەرجە ناسکەدا بتوانین لەو ئاستەم و تەنگەژانە ڕزگارمان بێت و لە خەباتی نەتەوەیی نیشتمانی، فەرهەنگی میدیایی، کولتوری، سیاسی، زانستیدا، بگەینە ئاستی پێویست و چیتر دوژمنان و داگیرکەران نەمانکەنە قوربانی پلان و ئامانجەکانی خۆیان.

ئەو پێشنیارو داواکاریانەی کە لە بەردەستتاندایە وەک ڕوون و ئاشکران هاوکاری و هاریکاری ماڵی و مەعنەوی و پشتگیری پێویستن کە هەرکام بە هەر جۆرێک دەکرێت و دەگونجێت لە ڕێگای پێوەندی گرتن و پێوەندیەکانەوە جوابی پێویست بدەنەوە، با هەموو لایەک هەست بە بەرپرسایەتی بکەین لەو پیناوەدا.

پێم خۆش بوو ئاگادارتان بکەم کە من بۆ خۆم پێوەندیم بە زۆرلایەنی کەسایەتی شارەزاو خاوەن بڕوانامەی گرنگ لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا وە هەروەها پێوەندیم لە گەڵ لایەنی حکومی، حیزبی، سیاسی، میدیایی کوردی کردووە کە هەموو لایەک بە خۆشییەوە وێڕای جیاوازی فکری سیاسی... لە سەر پرۆژەو ئامانجەکە کۆکن.

بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو پرۆژەیە:

1- پێویستمان بە "سایت" ماڵپەڕێکی ئینترنێتی هەیە هەموو ئەو شتانە لە خۆی بگرێت کە لە نێوەڕۆکی پرۆژەکەدا ئامازەی بۆ کراوە.

2- ساتێک لە پرۆگرامی تەلەفزیونە کوردیەکان، لە ئوروپا تەرخان بکرێت بۆ گفت و گۆو باس لە هەموو لایەنی کێشە هەڵواسراوەکان بە هەموو ڕووە باو و ناباوەکانی کۆمەڵەکەمان لە چوارچێوەی ئوسوڵ و بەرژەوەندی گشتیدا، وە ئاسانکاری بکرێت بۆ داهێنانێکی تازەگەری و پێشکەوتوو لە پێناوی گەشە پێدان و 'گەشانەوەی ژێلەمۆی ژێر خۆڵەمێشی کوانووی کوردەواریمان'.

لە گەڵ ڕێزو سوپاس.

مەهدی فەتاحی
E-mail: rojgar_40@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.